# سەفەرێک لە نادیاردا کۆتایی پێدێت

(ئەمە پتر لاوانەوەیەکی خۆمە نەک مستەفا گەرمیانی)

**ئەدیب نادر**

هەموو ڕۆژێک تەلەفۆنت دەکرد، هەموو ڕۆژێک خوازیاری بینینم بوویت، بەڵام خۆ تۆ لە دواتەلەفۆنت وتت هەمیشە شتێک دێتەبەرەوە و بەرنامەکانی ئێرەمان تێک دەدات، پێم گووتی لەسەرخۆبە بۆنی فرۆغ تریفە بە پەیڤەکانت دەدات، قاقا پێکەنیت، تومەز بە نهێنی کۆتاییت بە هەموو شتێک هێنابوو، بەرنامەکانت جێبەجێ کردبوون و شتێکی ئەوتۆ نەبوو لە ژیاندا خەمی ئەنجامدانی بخۆی..

دووشەممە، کە ئاگادارکرامەوە، وەکو هەمیشە چاوەڕوانی دوانیوەڕۆیەکی درەنگ وەختبووم تەلەفۆن بکەیت و سوپاسی خوابکەم کە هەواڵەکەی تۆ ڕاست دەرنەچوو. هەتا دوو ڕۆژ دوای ئەوەیش لە هەواڵەکە هەر زۆر بە گومان بووم، ئیدی تۆ وەڵامی کەست نەدەدایەوە و گومانەکەیش تاڵاوی لە خۆوە دەپۆشی، تاڵتر هەڵدەگەڕا لە هزری خودکوژی، بە هاوڕێ عەلیم گووت: با بەوێدا بڕۆین، بەو شوێنەی کە نەیارەکانی تۆ و ئینسان وێڵگەی دۆزەخیان تیایدا هەڵکۆڵی.. چاوانم بەو هەموو نغرۆییە بروایی نەدەهات، لەناو لافیتە ڕەشەکاندا، دەتگوت بە دوای خۆمدا دەگەڕێم، وەک بڵێیت ناوەکەت لەمن نرا بێت. لەپاڵ دەرگا ونبووە خاپوورەکەدا، لەسەر دیوارەکەدا بەرچاوم کەوت، کفنی سپی کرابووە بەر پیتەکان و ڕەشایی پاشخانەکەیش ببوە تەرمێک بروسکە ئاسا لە دڵی دام و هەورەکان لە چاوەکانمدا گریان، چاوەکانم ئەمجارە تژی بوون لە یەقینی شەهیدبوونەکەت.

بە زۆرەملێ وتم: ئەرخەیانم کە ئیدی هەرگیز تەلەفۆنم بۆ ناکەیت، ڕوواوڕووی ئەو فاکتە بوومەوە کە ئیدی دەمەوعەسران هەرگیز پێکەوە قسە ناکەین، هەرگیز ناچینەوە (نادی مومزەفین)، هەرگیز ئەو سەفەرە ناکەین بۆ (ئێران) کە زوو زوو لێیەوە دەدواین و ئایندەمان پڕکرد لە چاوەڕوانی. بەڵێ.. نادی موەزەفین تاکە جێگەی ئەم شارە بوو کە لە پاش چایخانەی (مەجیدیە)ی ساڵانی هەشتاکان ببوە کەناڵی پشوودان بۆ دڵە شەکەتەکەی غەریبی و تۆزقاڵێک ماندوێتی هەنگاوە هەمیشە ڕاکردووەکانی ئەو سەر و بەندەیان بە هێوریەوە گرێدەدا.

لەم چارەکە سەدەیەی کە ئێمە پێمان لە خاکی نیشتیمان جیابووەوە، زۆر جار نەوبەی میلانکۆلی و دیسترێس قاپۆڕیان بۆ دروست دەکردم و نەک هەر لە تۆ، بگرە لە هەموو ئەحبابەکانم دەڕەویمەوە، هەندێ جار خۆیشمم لێ ون دەبوو، تەنانەت بە ماوەی وادا گوزەرم کردووە کە هیچ بەندەیەک بۆ ساڵێکیش ئادرێسیان نەزانیووم، بەڵام هەردەم بەئەمەک بوویتە و بەدەر لە گشت حیساباتێک ناونیشانەکەمت پەیدا کردووە و دەرت هێناوم. ئێستا ئیدی نامدۆزیتەوە، چونکە ئەمجارە ئەوەی بزربووە من نیم، هەتا دنیا دنیاشە دەبێ لەگەڵ ئەو ئەمەکە بێکۆتاییانەدا هەڵبکەم و ئومێدی ئەوە بکەم کە لە هەرکوێیەکدایت، ئیدی کە وەختی ڕۆیشتنم هات لەوێ مولاقاتت بکەم.

هەست دەکەم تۆ ئیدی نەتهێشت لە دڵمدا داڵدەیەکی بچوکیش چییە بۆ خەمێکی کوتوپڕی ئەم دنیایە بمێنێتەوە. تۆ نەتهێشت داڵدەیەکی بچووکیش چییە بۆ دڵۆپەیەکی ناچیزی گریانەکانم بمێنێتەوە. چاوەکانم دوای ئەو ڕۆژە شوومە قەڵبەزەن و بەسەر زەمینەی وشەکاندا چۆڕاوگە دەبەستن، کە دواجار ڕووپەڕەکان ڕادەوەشێنم، تەنها پەی بەوە دەبەیت کە چی لێیانەوە هاڕەدەکاتە خوارەوە. بەم سەفەرە، هاوڕێم، دەرگای نادیارییەکت بەسەر خۆتدا خڕ داخست و ئیدی هەرگیز ئەم وشە گریاوانە جەوهەرە شاراوەکانیان لێکنادرێنەوە، هەرگیزاو هەرگیز.

دووشەممە، ڕۆژی بەخۆڵەمێشبوونی بەرماوەی هەموو شادییەکان بوو. ئاسمان لە چاوەکاندا خۆیان نومایان دەکرد و ڕێژنەی گریانەکانیش شۆڕشی خۆیانیان ڕاگەیاند. دەتگووت ژیان مۆڵەتی لە ئاسایی بوونی خۆی وەرگرتووە، چۆتە نێو قۆزاخەیەکی تەنگ و قارسەوە. نازانم بۆچی ساتەوەختێک هەستم کرد تۆ نیت بۆ جاوید هەڵاژاویت، بەڵکو خۆمم چەشنی ڕۆحێک لێرە جوودا بوومەتەوە و بەدرەقەی جەنازەکەم و بوومەتە پەیکەرێکی ڕوون، پەیکەرێک لە فرمێسک.

ژیانی تۆ دەڵێی چاپتەرێکی ژیانی ئێمەیە و کۆتایی پێهاتووە، وەلێ ئەم چاپتەرەی کە پێنگاڤمان ناوەتە ناوییەوە دەبێ چۆن بێت؟ ئەوە دواجار دەبێ بڕیاری ورد و عاقڵانەی لەسەر بدەین و وای لێ بکەین، یاخود وا بینووسینەوە کە تەنها بریتی نەبێت لە داڕشتنێکی ڕێوتریکی و بەس، بەڵکو ئیلیمەنتی ئەو گۆڕانکاریانەشی تێدا بێت کە لە پاش ماڵئاواییکردن لە قۆناغێک پێداویستییەکە لە ژیانی تازەماندا.

زۆر جار وەکو هەموو ئەوانەی کە نیوەی تەمەنمان لە مەنفا بەسەر بردووە ئەو هەستەت لە لا زەق و بەرجەستە دەبووەوە کە بە یەقینەوە دەرک بەوە بکەیت کە ئێمە بە هەردوو جیهانەکە غەوارەین، چ ئەوێ و چ ئێرە. من چەند ڕۆژێک بەر لەم سەفەرە یەکجارییەت گووتم: لەوانەیە پێویستمان  بە جیهانێکی دیکە هەبێت، داخۆ لەبەر دۆڕاندنی ئەو دوو دونیایە و کاریگەری گفتوگۆکانی من و ئەو ڕەنجەڕۆییە بەردەوامەی کە وشەکانم پێی بارگاوی بوون، تۆ ئەو دونیایەی ماوەرائت هەڵبژارد؟ دنیایەک بە ئەبجەدییەتێکی بەفرین دەچێت لەسەر لافیتەیەکی ڕەشدا ڕنووسکراو.

تۆ دەتزانی ئەم شارە هەر تەنها مردنی تێدایە، بەڵام هەر هاتیت، وەک ئەوەی لە مردندا بۆ حەوانەوە بگەڕێیت، وەک ئەوەی تەنها یەک شت لە ژیانتا وەکو پرۆژەیەک مانای ئەوەی مابێتەوە کە بەڕاستی مرۆڤ ئەنجامی بدات، کە ئەویش ئا لەم شارەدا، ئا لێرەدا، سەرنانەوەی یەکجاری بێت.

بێگومان لەگەڵ لەدایکبوونی هەموو ژیانێکدا، مەرگێک حزوری جوانی تۆخ دەکاتەوە و سێبەری بەسەردا دەدات. کە هاتیت، ئەوا ئیدی ڕۆیشتنێکیش لەبەرە، ئەمە حەتمیەتە، چۆن چۆنی دەڕۆیت گرنگ نییە، تەنها شتێک گۆڕان دروست دەکات ئەوەیە کە تۆ ڕێگە نەدەیت، ڕۆشتنەکەت خۆبەخشی بێت، بەو واتایەی کە نەهێڵیت لە پێناوی نەهیلێکدا بڕۆیت کە هیچ شتێک لە مەسەلەکان ناگۆڕێت. خۆشبەحاڵت، تۆ ڕۆیشتنەکەت خۆبەخشی نەبوو، تۆ ڕۆیشتنەکەت هەموومانی لە شانازییەوە وەردا، نوختەنەزەری زۆر کەسیشی لە گومانی نەگۆڕانەوە داماڵی بەرامبەر بەوانەی کە زەمانێکە لە هەندەران بوونیان و وەفا و ئینتیمایان بۆ ئەم شارە کێشەبەندیی بۆ ئافراندوون.

تۆ نمایندەی وەفای هەموو ئەو زاتە ئاوارە و وێڵگەردانەی سالانێکی کە دڵیان سەرشارە لە ترپە نەمرەکانی ئەم خاکە و هەناسەکانیان لەو بایەوە هەڵدەهێنجن کە بەسەر ئێرەدا هەڵدەکات و کۆچی دوور و فەنتازیئامێزی خۆی بەرەو هەموو دیارێک دەکات کە ڕۆحی کوردی لێبێت.
ئێستاکە ئیدی دووان یاخود نووسین دەربارەی تۆ و ئەو تەعەلووقەت بە بوونی منەوە لێرە، وێدەچێت ئەستەمترین پرۆسەیەک بێت کە من لە هەموو ژیانمدا ڕووبەڕووی بوومەتەوە. لەو بڕوایەدا نیم وشە بتوانێت دەستبەرداری لاوازی خۆی بێت تا ئەم برینە پڕ یادوەرییە پڕ بکات لە لەبیرچوونەوە، ئیدی بۆ هەتا دنیا دنیایە د
ەبێ لەگەڵ نزیکی هەڵدێری ئەم برینەدا هەڵبکەم کە لە تۆوە بۆم بەجێماوە.
هاوڕێم، ئەگەر غیابی تۆ لێرەدا نەبێتە هۆیەک بۆ ئەوەی لەم شارەدا قۆناغێکی دیکە بەرقەرار بێت، کە تێیدا تەجاوزی زۆر شت بکرێت و ڕۆشنبیران بکەونە سەرووی بیروبۆچوونە تەسکەکان و لە یەکانگیرییەکی ئاکتیڤ و بەرهەمهێندا ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، ئەوا جارێکی دی چاوم بەرایی نادات خۆم بخزێنمە جیهانێکی واو خۆبەخشانە ببم بە پرۆژەی شادییەکی بێ

عەدالەتی، مەشروعی تەقاندنەوەیەک بم و هیچی دی.. چونکە هەموو ئامادەگی ئەوەمان هەیە بۆ مانا ببینە دەمامک بەڵام خۆبەخشانە هەرگیز.. و پێویستە دووبارە خۆم عەودالّی دووی سوورگوومبوونێکی تر بکەم.

هاوڕێم، من لێرەوە، دەبیّ بڵێم، گەر بێت و ئەم مەرگەی تۆ چەشنی مردنێکی ئاسایی بەسەرماندا تێبپەڕێت، ئەوا ئێمەش بەشێکین لە خۆشکەرانی ڕێگای بەئاساییبوونی، ئەوا بێشک دەبیّ حیسابی مردوو بۆ خۆمان بکەین!

هاوڕێم، تۆ لە مرۆییەکی پەراوێزییەوە خۆت گواستەوە و بوویت بە مرۆیەکی سێنتەریی، بوویتە ڕەمزێک و بەشێکت لە بوونی ئێمە ڕفاند و هەتا هەتایشە لە سایەی ئەو بەشەوە حزورێکی گەورەت لە یادوەریماندا دەبێت.

ئەو ڕۆژەی کە دواتەلەفۆنت بۆ (شاکار)ی کچتت بۆم گێڕایەوە، قاقایەکی پڕ خۆشەویستی گەمارۆی دابوویت، وتت پێم وتووە ئەوە لە خەو هەستاویت؟ وەڵامەکەی ئەویش ئەوە بووە کە وتوویەتی: ئەی ئەمە جنۆکەیە قسەت لەگەڵ دەکات؟ ئیدی قاقات باڵای مەحەبەتێکی باڵابەرزتری دەگرت، وەکو سەدەفێک وابوو کە مرواری خۆشەویستییەکی پەردەپۆش کردبێت. لەو ڕۆژەوە لە خۆم دەپرسم، داخۆ ئەمە دەبێتە دواسەدایەک و لە زاکیرە بەپیتەکەی شاکاردا بمێنێتەوە و هەرگیز نەڕەوێتەوە؟

بەڵێ ئەو ڕۆژە دوانیوەڕۆی بەر لە ڕۆژی دووشەممەی ڕووداوەکە بوو. بە پێچەوانەی ڕۆژە هەڵوەریوەکانی ڕابردوو، لە تەلەفۆنەکەدا پێم ووتی پرسەمان هەیە ناتوانم بتبینم، وتت چەندین ڕۆژە تاسەی پێکەوە دانیشتنەکانمان هەراسانی کردووم، بەڵام عوزورخوایی مەهێنەرەوە، تێدەگەم لێرە شت بە بیّ پێشبینی و بەرنامە ڕوودەدەن، خاترجەم بە ئێمە لێرە ناتوانین بۆ خۆشەویستەکانی خۆمان بەرنامەڕێژی بکەین.. ناتوانین شتەکان لەناو سیستەمێکی جواندا کۆبکەینەوە و وێنای بکەین. ئەم ڕووداوانە ئەگەرچی زۆر جار کۆمان دەکەنەوە، وەلیّ زۆر جاری دیش لێکمان دادەبڕن و هەوڵی کاڵکردنەوەی پەیوەندیەکانمان دەدەن.

هاوڕێم، ئەوەی لە ڕۆیشتنی تۆ مایەوە خۆبەختکردنێکی بێپایانە، پایەیەکی گەورەیە کە تەنها عاشقە گەورەکان دەستەبەری دەکەن. ئەو عاشقانەی کە ژیانیان بە کۆتاییەوە گریّ دەدەن تا بەو پێگەیە بڕەسن.. ئەو چرکەساتەیش کە بۆ هەمیشە زیندەگی منی وەرچەرخاند و هەرگیز سروشتی جارانی وەرناگرێتەوە ئیدی هەرگیز ژیانێکە چاوی بڕیوەتە ئەو پێگەیەی کە وێنەی عاشقێک دەبیّ کاری بۆ بکەم و وەدەستی بهێنم.

بڕۆ هاوڕێم، فریشتە جوانەکەی ئەم شارەم. ئەگەر خوایش لە عەرشەکەیدا هەندیّ میهر مابێتەوە و لەگەڵ ئەوانەدا نەبێت کە مرۆڤ وەکو پرۆژەیەکی پیرۆز لەبار دەبەن، لە تەنیشت خۆی داتدەنیّ و داوای لێبوردنت لیّ دەکات.

...

تێبینی:
لە 24–8–2007 لە کۆڕی چلەی ماتەمینی نووسەر و ڕۆژنامەنووس مستەفا گەرمیانی پێشکەش کرا، کە لە کارەساتی تەقینەوەکانی کەرکووک لە 16– 7– 2007 شەهید بوو.